E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036 گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین Journal of University of Raparin

# ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەوانان بە ئێتیکی ڕاگەیاندن، متمانەی خوێنەر بە ڕۆژنامە کوردییەکان وەک نمونە

**شاخەوان محەمەد سلێمان[1] - مغدید خدر ئەحمەد[2]**

[1+2] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە:**

توێژینەوەکە خۆی لەچەند لایەنێکی گرنگ دەبینێتەوە، هەروەک لە ناونیشانیدا هاتوە: ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەوانان بەئێتیکی ڕاگەیاندن، متمانەی خوێنەر بەڕۆژنامە کوردییەکان. ئەوەی لەم توێژینەوە خراوەتەڕو: زانینی ئاستی متمانەی خوێنەرە بەڕۆژنامە کوردییەکان، پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوان لەڕوی پیشەیی و ڕاگەیاندنەوە گرنگی بەڕاستگۆی و بابەتیبون بدەن، هەوەها زانینی ئاستی کارکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و شێوازی هەڵسوکەوتیان لەتەک بنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن، هۆشیاری دەدات بەڕۆژنامەنوسان بەمەبەستی پابەندبونیان بەئێتیکی ڕاگەیاندن و دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری پەیماننامەکانی ئێتیک لەسەر ڕۆژنامەوانان و زانینی ئاستی لەدەستدانی متمانەی خوێنەر بەڕۆژنامە کوردییەکان. ئامانجی توێژینەوەکە، تاچەند ڕۆژنامەوان پابەندن بە بنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندنەوە، دەرخستنی ئاستی پابەندبونی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە، هەروەها دەرکەوتنی ئاستی کاریگەری ململانیی سیاسە لە سەر پابەندنەبونی ڕۆژنامەنوسان بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە. گرفتی توێژینەوەکە کە دیاریکراوە، لەدەستدانی متمانەی خوێنەرە بە ڕۆژنامە کوردییەکان. بۆ ئەو مەبەستە توێژەر میتۆدی وەسفی ڕوپێوی بەکارهێناوە، لەڕێگای دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسییەوە، کە دو تەوەری سەرەکی لەخۆگرتوە، تەوەری زانیارییە گشتیەکان، دیاریکردنی ڕەگەز، تەمەن، شوێن، پیشە، ئاستی خوێندن، هەروەها تەوەری تایبەت: ئەو ئامانجەنەیە کە لەسەرەوە توێژەر ئاماژەی پیداوە، بۆ ڕاپرسییەکە توێژەر٤٥٠ فۆرمی بەسەر نمونەی مەبەستدار توێژینەوەکە دابەشکراوە، کە بریتیبون لە: (ڕۆژنامەنوس، فەرمانبەر، کاسب، سیاسی، مامۆستای زانکۆ، خوێندکار/قوتابی). لەهەریەک لەپارێزگاکانی، هەولێر، سلێمانی، دهۆک. لەئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتوە خوێنەر متمانەی بەڕۆژانامە کوردییەکان کەمبۆتەوە بەهۆی گرنگی نەدان بەبنەماکانی ئێتیک کە خۆی دەبینێتەوە لە بێلایەنی، ڕاستی بون، بابەتی، نهێنیپارێزی، ئەوەش بە هۆی فەرامۆشکردنی سەرجەم بنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندنە لەلایەن ڕۆژنامەوانانەوە.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆژنامەنوس، ئێتیکی ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندن، متمانە، خوێنەر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29
**Received:** 02- November -2021
**Accepted:** 19-December-2021
**Published:** 29-June-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
shakhawan.awmar@gmail.com
magded.sapan@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە: ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەوانان بە ئێتیکی ڕاگەیاندن، متمانەی خوێنەر بە ڕۆژنامە کوردییەکان وەک نمونە: ڕۆژنامەنوس تەورێکی گرنگی توێژینەوەکەمانە، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەنوس کارەکتەرێکی هۆشیارو بەئاگای ناو کۆمەڵگایە، بۆ بەدواداچون و وەرگرتنی هەواڵێک زۆرجار ڕوبەڕوی ئاستەنگ دەبێتەوە، لەئەنجامی کارکردن زۆرجار ڕۆژنامەنوس، پابەندنابێت بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە، ئەوەش کێشە لەبەردەم پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری دروست دەکات. لەگەڵ ئەوەی لێشاوی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن ئەوەندە خێرا هەرێمی کوردستانی تەنیتەوە، کەلە ئەنجامدا بڵاوکردنەوەی زانیاری بوە بەچرکە، زۆرجار هاووڵاتی ڕۆڵی ڕۆژنامەنوس دەبینن لەناو ڕوداو پێشهاتەکاندا. بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنوسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پابەندبن بە ئێتیکی ڕاگەیاندنەوە، چونکە ئێتیکی ڕاگەیاندن بەدیلی یاسا نییە بەڵکو ئێتیک بەشێکە لەویژدان و ئەخلاقی خودی ڕۆژنامەنوسەکە، ئێتیکی ڕاگەیاندن، چەند بەڵێننامەو نوسراوەیەکە کە ناوەندەکانی ڕۆژنامەگەری و خودی ڕۆژنامەنوسان و دامەزراوەکان لەسەری ڕێکەدەکەون بۆ جێبەجێکردنی، لەکاتی ڕومالّی هەواڵ و گەیاندنی زانیاری بەشێوەیەکی ڕاست و بابەتی و سەربەخۆ. بۆ ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەگەری و دروستکردنی متمانە لە نێوان خوێنەر و ڕۆژنامە کوردییەکاندا. توێژەر دو تەوری خستەڕو بەم شێوەیەی: تەوەری یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکە کە پێکهاتوە لە باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە، باسی دوەم: ئێتیک لەڕوانگەی مێژوی و فەلسەفیەوە، تەوەری دوەمی توێژینەوەکە: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، باسی یەکەم، ڕێکارەکانی مەیدانی توێژینەوەکە، باسی دوەم: خستنەڕو شیکردنەوەی زانیارییە گشتییەکان، باسی سێیەم: خستنەڕو شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتەکان، باسی چوارەم: ئەنجامی فۆرمەکانی ڕاپرسی.

## تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:

## باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

### ١-گرفتی توێژینەوەکە:

خستنەڕوی گرفتی توێژینەوە بە ئامانجی دەستنیشانکردنی دیدو ڕاوبۆچونی توێژەرە. پرۆژەی توێژینەوەکە بریتییە لەزانینی ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بە ئێتیکی ڕاگەیاندن. و ئەو پابەندنەبونە کاریگەری دەبێت لەسەر (نەبونی متمانە لە نێوان خوێنەر و ڕۆژنامەنوسان لە ڕۆژنامە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان). ئەمەش لە ئەنجامی درککردنی توێژەرە بە هەبونی کێشەکە، نوسینی ئەم توێژینەوەش لە بنەڕەتدا بەهۆی هەبونی کۆمەڵێک ئاستەنگەوە هاتۆتەکایەوە، ئەو ئاستەنک و گرفتانەش ئەنجامی خراپیان داوە بەدەستەوە، لەبەردەم بەرەو پێشچونی ڕۆژنامەگەری کوردیدا.

### ٢- گرنگی توێژینەوەکە:

١- ئەم توێژینەوەیە زەمینەسازی دەکات بۆ خستنەڕوی لایەنە خراپەکانی پابەندنەبونی ڕۆژنامەنوسان بەبنەمانی ئێتیکی ڕاگەیاندنەوەو و زانینی ئاستی کاریگەرییەکانی لەبەردەم ڕۆژنامەگەری کوردیدا.

٢- بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕۆژنانوسان و بەهێزکردنی لایەنی ئەخلاقی لە نوسینی بابەت و بڵاوکردنەوەی نوسینەکانیان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا.

٣- دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری ڕێساو ئاکارە بەردەستەکانی کۆمەڵەو یەکێتی و سەندیکا ڕۆژنامەوانییەکانی جیهان لە بواری ئێتیکی ڕاگەیاندن.

٤- هەوڵیشدەدا بۆ دارشتنی مودێلێکی گونجاو لەپێناو بەرزکردنەوەو ئاستی متمانەی خوێنەر بە ئێتیکی ڕۆژنامەگەری کوردی.

**٣- ئامانجی توێژینەوەکە:** توێژەر ئامانجی توێژینەوەکە، لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەیخەینەڕو:

١- زانینی ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بە بنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن و زانینی ئاستی متمانەی خوێنەر بەڕۆژنامە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانە.

٢- دەرخستنی ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بەبەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان.

٣- زانینی ئاستی پابەندنەبونی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەبنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

**٤- پرسیاری توێژینەوەکە؟**

١- ئایا پابەندبونی ڕۆژنامەنوس بە ئێتیکی ڕاگەیاندنەوە پەیوەندی هەیە بەدروستبونی متمانە لای خوێنەر بە ڕۆژنامە کوردییەکان.

٢- ئایا پەیوەندی، لەنێوان ململانێی سیاسی و ڕۆژنامەنوسان، کاریگەری هەیە لەسەر لەدەستدانی متمانەی خوێنەر بە ڕۆژنامە کوردییەکان.

٣- ئایا ئاستی هۆشیاری ڕۆژنامەنوس کاریگەری هەیە لەسەر پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بە ئێتیکی ڕاگەیاندنەوە.

**٥- پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**١-ڕۆژنامەنوس: Journalist** ڕۆژنامەنوس بەهەر کەسێک دەگوترێت، لەدامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی وەک: ڕۆژنامە گۆڤار، کەناڵی تەلەفزیونی، ئێزگەی ڕادیۆ یان ماڵپەڕێک وەک: پەیامنێری، نوسەر، وێنەگر، هەڵەچن، هەواڵساز، دیزاینەر، یان بەرپرسی لاپەڕە، یان جێگری سەرنوسەر یان سەرنوسەر، بێژەر، ئەندازیاری دەنگ یان بەڕێوەبەری یەکێک لەدامەزراوەکان بێت و ئاستی هۆشیاری بەرزبێت وجێگای متمانەی خوێنەربێت.

**2-ئێتیکی ڕاگەیاندن: Media Ethics** ئێتیکی ڕاگەیاندن بریتییە: لە کۆمەڵێک بنەماو پێوەر پەیوەستە بە ڕەوشتی ڕۆژنامەنوسەوە. لەگەڵ یاسا دارێژراوە نوسراوەکان جیاوازە، و لە کاتی پیادەکردنی کاری ڕۆژنامەنوسیدا، پابەنددەبێ پێیەوە، ئەم ڕێساو بنەما ئەخلاقیانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە بەو پێیەی کام شت لە کۆمەڵگایەک قەدەغەکراوە لە کۆمەڵگایەکی دیکە بە قەدەغەکراو داناندرێ.

**3-ڕاگەیاندن: Media** ئەو پرۆسە ڕۆژنامەنوسییەیە، کە بە ئاگابونی هەواڵنێری ڕۆژنامەنوسیی بە زانیاری بایەخدار دەستپێدەکات، زانیاریەک کە شایەنی بڵاوکردنەوە و گواستنەوە بێ، دواتریش قۆناغە یەک لەدوای یەکەکان دێت: کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە سەرچاوەکانیەوە، گواستنەوە، وەرگرتنی و داڕشتنەوەی، دواتر بڵاوکردنەوەی و پەخشکردنی لەڕێی ڕۆژنامەکەوە، یان ئاژانسەکەوە، یاخود ئێزگە، یان ویستگەیەکی تەلەفزیۆنیەوە. (زوبیان، ٢٠٠٨، ل٤١).

**4-متمانە:Trust** ڕێژەی پشت پێبەستنی خوێنەرە بۆ ئەو زانیاری و ڕاوبۆچونانەی کە لەدامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەش دەکرێ، هەروەها شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی پرۆفیشناڵانەیە. (Osburg،٢٠١٩،ل٥٦).

5 **-خوێنەر: Reader** خوێنەر ئەوکەسەیە چەند کاتژمێرێک تەرخاندەکات بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە، گۆڤار، یان بڵاوکراوە، بەشێوەیەکی بەردەوام، گرنگی دەدات بەلاپەڕەیەک یان چەند لاپەڕەیەک یان بابەتێک یان چەند بابەت، بەپێی ئارەزوی خۆی، خوێنەر بەپێی ئاستی هۆشیاری و ئەزمون و تەمەن لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

## باسی دووەم: ئێتیكی ڕاگەیاندن:

### ١- ڕەهەندەكانی ئێتیك لەڕوانگەی مێژوی فەلسەفییەوە:

ئەفلاتون "پێیوایە دادپەروەری خۆی لە خۆیدا خۆشگوزەرانیە، تاكی دادپەروەر خۆی كەسێكی خۆشبەختە، تام وچێژ لە قەناعەت وەردەگرێت، لە مردن ناترسێت. ئەو دادپەروەریە بنیادناندرێت لەسەر یەكسانی، بەڵكو لە سەر ئەولەویت هەنگاو دەنێت، پێش شتەكانی دیكە دانی مافی هەژارانە، پێویست نییە مرۆڤ بەتەنیا ژیان بەرێبكات بەڵكو ژیانی بەیەكەوەبون و ژیانی خۆشگوزەرانی بۆ هەمو خەڵك دابین بكات، و ئێتیك وا بێتە كایەوە كەوا پارێزگاری لەوە بكات كەس زەرەرو زیانی نەبێت بۆ خەڵكانی دیكە). (جاب الله، ٢٠١٢، ص١٩).

ئەرستۆ زۆر گرنگی داوە بە (دادپەروەری دابەشكردن، لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگە، بۆ ئەوەی ئەم دادپەروەریە بێتە دی، پێویستە دادپەروەری لە دابەشكردنی سامانەكان ڕوبدات، و گرنگی بە دادپەروەری قەربوكردنەوە داوە، *(compensative justice)*، پێویستە كەسی ستەملێكراو قەرەبوبكرێتەوە و كەسی ستەمكار سزا بدرێت و غرامی بكرێت، چونكە سزا پارێزگاری لە ئێتیك دەكات. ئەرستو پێیوایە دادپەروەری گرنگی تایبەتی لە ناو ڕەوشتە جوانەكان هەیە و وێنایكردوە بە گەورەترین ڕەوشتە جوانەكان). (جاب الله، ٢٠١٢، ص٢٠). ئێتیك لای فارابی: فارابی پێیوایە ئێتیك كارێكی گەورەیە وەك: زانستی ژیربێژی، (علم المنطق) هەروەكو چۆن ژیربێژی چەند ڕێوشوێنێك دادەنێت بۆ ڕۆشنبیری، بەم شێوەیە زانستی ئێتیك چەند بنەمایەكی هەیە، كە پێویستە مرۆڤ لە سەری بڕوات، بە هۆی كارو كردەوەكانی بۆی دەردەكەوێت كەوا ئەخڵاق زۆر گەورەترە، لەوەی كەوا لە لۆژیك دایە. لەگەڵ ئەوەی فارابی زۆر سەرسام بوە، بە فكری ئەفلاتون دەربارەی سیاسەت و ئێتیك، چونكە فارابی لەسەر نەهجی ئەرستۆ و ئەفلاتون ڕۆیشتوە، كە ڕایان وابوە، ئێتیك (اخلاق) لقێكە لە سیاسەت، لێكۆڵینەوەی سلوكی تاك دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی بۆ هەر تاكێك.

لەسەردەمی نوێشدا: تۆماس هۆبز *(Thomas Hobbes)*: تیۆری پێكەوەنانی كۆمەڵایەتی داناوە. هۆبز "ڕەخنە لەو چەمك وسەروەریە دەگرێت كە بەناوی مافەكانی خواوەندەوە *(Divine rights)* دەكرێن. ئەمەش لەگەڵ ڕۆژنامەنوسەكانی ئێستادا یەك دەگرێتەوە، لەڕوی ئەوەی مافی خەڵكە، لە هەمو ئەو شتانەی ئێستا ئاگادارین كە لەبڕیارو سیاسەتەكانی حكومەتەوە دەردەچن، ناوەندەكانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێكی زیندوییان هەیە لەو كۆمەڵگایەی كە كاری تێدا دەكەن". "هەر لە ڕوانگەی ئەم بۆچونەوە بو لە بەریتانیا كە تەنها بەرنگاری كەنیسە نەبنەوە، بەڵكو ڕوبەڕوی دەسەڵاتیش ببنەوە". (مكاوی، ٢٠٠٤، ل٤٦).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

## ٢- ڕەهەندی ئێتیکی ڕاگەیاندن:

ئامانجی "بنەرەتی ئێتیکی ڕۆژنامەوانی: نەدۆڕاندنی متمانەی خوێنەرو دروستکردن و پتەوکردنی ڕایەڵەکانی ئەو متمانەیە، کە وادەکات ڕۆژنامەوانی، ببێتە ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان خەڵک و حکومەت و چاوێکی چاودێری بێت بەسەر تەواوی کایە بەرفراوانەکانی کۆمەڵگە و دەسەلات و دامەزراوەکانیان تاکو بتوانێت ڕۆڵی بەرپرسیارانەی خۆی بەجێبگەیەنێت". (ئەیڤەس، ٢٠٠٠، ل٥٢).

ئێتیکی ڕاگەیاندن، لقێکی نوێ و گرنگی ئێتیکی پیشەییە، کە کۆدەنگی لە سەر یەک پێناسە و دەستنشانکردنی سنوری ئێتیکی ڕۆژنامەگەریدا لە نێوان شارەزایانی ئەم بوارەدا نییە. "بەگشتی دەتوانین بڵێین مەبەست لە ئێتیکی ڕاگەیاندن، کۆمەڵێک ستاندارد و بڕیارە کە چاودێری ڕفتارو هەڵسوکەوتی میدیا و هەنگاوەکانی بەرپرسانی بوارەکە دەکات". (محمد، ٢٠١٩، ل٥٤). "ئێتیک بۆ جوانکردن و باشترکردنی ڕاگەیاندنە، لەگەڵ ئەوەش کەسانی بەکاری ڕۆژنامەنوسی هەڵدەستن، لە خەڵک و پیشەی دیکە جیان، زوتر پرسیاری ئێتیک دێتەگۆڕێ و زۆربەی جارەکانیش ڕۆژنامەنوس خۆی بڕیار دەدات. ئەم نوسینە بنوسێ، ئەم ڕستەیە دابنێ زۆرجار بیر لەدانانی یەک وشەش دەکرێتەوە". (سەپان، ٢٠١٥، ل٢٧).

ئێتیکی ڕاگەیاندن: (دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک بنەمای ڕەوشتی کە ڕۆژنامەنوسان لە سەری ڕێکەوتون، ئاراستەیان دەکات بۆ کاری ڕۆژنامەوانی لە سەرجەم بوارەکانی ڕاگەیاندن بەبینراو، بیستراو، نوسراوەو لەگەڵ ڕاگەیاندنی نوێ). (مشارقة، ٢٠١٧، ص٩). پێویستە گرنگی بەبنەمەکانی ڕەوشتی ڕۆژنامەنوسی بدرێت، ئەو بنەمایانەش لەسەر ئەوبنچینەیە بێت کە ڕۆژنامەنوسان بەخۆیان لەسەری ڕێکدەکەون هەوەکو بۆ چونەکەی مشارقە. (توێژەر).

## ٣- ڕۆژنامەنوسان و پابەندبونیان بە ئێتیکی ڕاگەیاندن لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١:

پێش ڕاپەڕین ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنوس خراپ بو چونکە ڕاگەیاندنی ئازاد نەبو، هەمو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە خزمەتی ڕژێم و تاکە حزب دابون. هەرچەندە ژمارەیەک ڕۆژنامە بەزمانی کوردی دەردەچون، هەندێک ڕۆژنامەنوس توانیان لەرێگای بەکارهێنانی ڕەمز و دەلالەت لە شیعرو چیرۆک و نوسینەکانیان شۆڕشێک بەرپابکەن، لەو کاتە هیچ ڕۆژنامەنوسێک نەبو خاوەنی بیروڕاو چالاکی و بوێری خۆی بێت، ئەگەر ئەوەشی بکردایە بێ سەرو شوێن دەکرا، لەو کاتە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە بەغدا هەبو، سەرەتا چەند خوێندکارێکی کورد وەرگیران، بەڵام پاشان بڕیارێک دەرچو بە هیچ شێوەیەک کورد لەو کۆلێژە وەرنەگیرا.. (کوێستانی، ٢٠٠٥، ل١٢٠). بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنوسان بەشداری شۆڕشی کوردستانیان کردوە بابەتەکانیان بەوپەڕی ئازادی بڵاوکراوەتەوە، بەشێک لە ژێرناوی خوازراو بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیان بڵاوکراوەتەوە. هەوڵدراوە پەیرەوی ئێتیکی ڕاگەیاندن بکرێت بۆ ئەو مەبەستە بەیاننامەی (یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان) لەشاخ دەرچوە لە ٢٢ی گوڵانی ١٩٨٤، لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوسی پێشمەرگەو و هەندێک لە ڕۆژنامەنوسانی ناو شارەکان. لە نامیلکەیەک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

کۆکراوەتەوە و لە یەکێک لە چاپخانەکانی (یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ چاپکراوە). (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ل٧٢).

بەشێک لە کۆپلەو سەردیرەکانی بەیاننامەکەدا نوسراوە: "جێگەی داخە هۆیەکانی پاشکەوتویی ڕۆژنامەگەری کوردی هەتا ئێستاش هەرماوە"، لە شوێنیکی دیکەی دەڵێت: "دەبا هەمو کاربکەین بۆ دەربازکردنی ڕۆژنامەی کوردی لە زلکاوی بازرگانیکردن بە توانای ڕەنگینی ڕۆژنامەنوسی"، ڕو دەکاتە ڕۆژنامەنوسان و بەسەنگینیەوە باسیان دەکات و دەنوسێت: "ڕۆژنامەنوسان... هەڵگرانی ئەمانەتی وشەی مولتەزیم". (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ل٧١). جگە لە ڕۆژنامەی خەبات لە ١٩٦٢ دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار دیکە دەرچونە، ناوەڕۆکی نوسینەکانیان، باس لە چالاکی پێشمەرگەو بابەتی جۆشدانی کوردایەتی تێداهاتوە، ڕەچاوی پیشەیی ڕۆژنامەوانی و ئاکاری جوانی تیداکراوە. (ئەحمەد، ٢٠٠٤، ل١١٠). لەسەردەمی ڕژێمی پێشوی عێراق ڕۆژنامەو گۆڤار بەژمانی کوردی دەرچونە، بابەت و زانیاری گرنگیان بڵاوکردوەتەوە لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی ئەو کاتی ڕژێم لە نوسینەکانیان ڕەنگی داوەتەوە.

## ٤-ئێتیک و ئەرکی ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان:

ئەرکی ڕۆژنامەنوس لەو کاتە دەردەکەوێت و قورس دەبێت کە بنەماکانی ئێتیک جێبەجێدەکات و ئەو یاسایانە پەیرەودەکات کە کاریان پێدەکرێ ئەوەش وا لەڕۆژنامەنوس دەکات ببێتە ڕۆژنامەنوسیکی سەرکەوتو بەئاگا."سەرکەوتن و بەرهەمی باشی ڕۆژنامەنوسان، پەیوەندی زۆری بە هەبونی زانیاری تێر لەسەر یاسا و تێگەیشتن لە ئێتیکی پیشە هەیە". (سەپان، ٢٠١٥، ل٣٢،٣٣). پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١کاری ڕۆژنامەنوسی پێینایە قۆناغێکی تازەوە، چ لە ڕوی چەندایەتی و چ لە ڕوی چۆنایەتییەوە، سەرەڕای نەبونی سانسۆر بەپێی یاسای ژمارە (١٠)ی چاپەمەنی ساڵی ١٩٩٣ی پەرلەمانی کوردستان، کە تاڕادەیەکی گەورە بواری کاری ڕۆژنامەنوسی فراوان و پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی. (گۆڤاری ڕۆژنامەنوس، ژ١٦، ٢٠٠٩، ل١٣٧). چەند یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستان دەرچون وەک: (یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانی عێراق ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨) و (یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنوسانی کوردستانی عێراق ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠١) دەرچوە. (سعدی، ٢٠٠٥، ل٤٣). دەرکردنی (یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان)، کە لە بەشی چوارەم و ماددەی حەوتەمی ماف و ئیمتیازاتەکانی ڕۆژنامەنوس دیاریکردوە، دو خاڵی لە مافەکان دەخەینەڕو یەکەم: ڕۆژنامەنوس سەربەخۆیەو لە بە جێهێنانی ئەرکە پیشەیەکەی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نییە، جگە لە دەسەڵاتی یاسا. دوەم: نابێ ئەو ڕاوبۆچونەی کە لەلای ڕۆژنامەنوس دەردەچێ، یان ئەو زانیارییانەی کە بڵاویان دەکاتەوە ببنە هۆی تێکدانی باری ژیانی، یان زیان بە خۆی و مافەکانی بگەیەنێ. (یاسای میدیایی، ٢٠١٩، ل١٧).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

## ٥-جیاوازی لە نێوان ئێتیکی ڕاگەیاندن و یاسا:

بنەمای ئێتیک: (گرنگی دەدا بە بەهای ئەخلاقی لە سنوری خودی کەسی، بنەمای ڕەوشت، بنەمایەکی ڕێژەییە، یەکێک لەگەڵ یەکێکی دیکە جیاوازە، پشت دەبەستێت بەوەی لە فکرو بۆچونی خەڵکدا هەیە، بە شێوەی جوان یان ناشرین. لادان لە بنەمای ئەخلاق نەمانی ویژدان و تورەبونی کۆمەڵگایە، لەگەڵ ئەوەشدا سروشتی سزادان بۆ لادان لە یاسا بنەمایەکی یاسایە، بەڵام لە بنەمای ئێتیک سزا نییە). (فەوزی، ٢٠٠٧، ل44).

بنەمای ئێتیکی: (گرنگی بەڕەوشتی بەرزی دەرونی مرۆڤایەتی دەدات، بەرەو گەیشتن بەنمونەی باڵا یان بەدەستهێنانی خێرو ئارامی و سەقامگیری بۆ ناو ناخی مرۆڤ... یاسا تەماشای کردەوەی کەسەکە دەکات، تا چەند زیان و کاریگەری لە سەر کۆمەڵگە هەیە چ بەچاک چ بەخراپ. بنەمای ئێتیک تەنها سەرنجی لە سەر ئەرکەکانە، بەبێ ئەوەی مافەکان دیاری بکات، بەڵام بنەمای یاسایی جگە لە دیاریکردنی ئەرکەکان، مافەکانیش دیاریدەکات. بنەمای ڕەوشت و یاسا، هەردوکیان هۆکاری پابەندبون کۆیان دەکاتەوە. بەڵام بنەمای ئێتیک سەرچاوەی تاکەکە خۆیەتی، واتە ویژدانی خۆیەتی، بەڵام سەرچاوەی یاسا دەسەڵاتە دور لە ویژدانی تاک). (فەوزی،٢٠٠٧، ل46).

هەمو "پیشە (مهنة)یەک بەپێی هەندێک پێوەری ئێتیک ڕێکدەخرێ و ئەم ڕێکخستنەش بەشێک نییە لە ڕێکخستنی یاسایی". (سەعدی، ٢٠٠٤، ل3). جیاوازی ئێتیک لەگەڵ یاسا لەسەرچاوەدا هەیە وەک سەرچاوەی پەیدابونی ئێتیک زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ یاسا، (سەرچاوەی یاسا لە هەمو وڵاتان لە پەرلەمانەوە دەردەچێت. بەڵام سەرچاوەی ئێتیک و بەهاکان لەنێو کۆمەڵگا جۆراوجۆرن. (محمەد، ٢٠١٩، ل77).

## ٦- کێشەی بەردەم ئێتیکی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان:

ڕۆژنامەنوسان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ جێبەجێکردنی بنەما بنەڕەتییەکانی پیشەی ڕۆژنامەگەری، و پابەندبون بە ئێتیکی ڕاگەیاندن، بەشێوەیەکی ئەکادیمی پرۆفیشناڵانە، تاکو بتوانن متمانەی خوێنەر بەدەستبهێنن، و ئاستێکی باشتر پێشکەش بکەن. "گۆڕانکارییە خێراکان وبەرەو پێشوەچونی تەکنەلۆژیای نوێ، وایکردوە ڕۆژنامەنوس خۆی ماندونەکات بەدوای هەواڵی نوێ و زانیاری، "زۆر لە ڕۆژنامەنوسانی کورد، کە لەپشت مێزی نوسین هەڵناستن و بەدوای سەرچاوەی نوێ و باش و پێویست بۆ نوسینەکانیان ناگەڕێن و تەواوی وەرگرتنی زانیارییەکانیان لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بەدەست دێنن زۆر لە جەماوەر بەدورن، ئەوەندەی دیکە کاری ڕۆژنامەنوسانی ئاڵۆزترکردوە". (سەپان، ٢٠١٢، ل١٤٧)، کەمی "هۆشیاری و تێگەیشتن لە پیشە و ئەرک و ڕۆڵ و مەبەست و ئامانج و شێوازەکانی کارکردنی ڕاگەیاندن، و نەبونی ئیرادەیەی دانانی سیستەمێکی ڕێکوپێک بۆ ڕێکخستنی کارو ئەرک و مافی ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنکاران، هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبونی ئەو دۆخەی ئەمڕۆی ڕاگەیاندنی کوردی".(ڕوف، ٢٠٠٩، ل٥). لە هەرێمی کوردستان بە "نەبونی یاسایەکی ڕاگەیاندنی تێر و باش و هەمەلایەنە، هەوڵنەدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پێویست، زۆر لە ڕۆژنامەنوسانی کوردستانی چەواشەکردوە، ئەو ڕۆژنامەنوسانە لەو بروایەدان، ئازادی دەربڕینی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

بیروڕا و هەبونی حکومەتی دیموکراتی ڕێک دەکاتە ئەوەی ڕۆژنامەنوسان: ئەوەی بینوسن و باسی بکەن و پیشانی بدەن مافی تەواوی خۆیانە". (سەپان، ب١، ٢٠١٢، ل١٤٦). ڕۆژنامەنوسانی کورد دەبێت سود لە ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین ببینن و هەوڵبدەن ئاستی هۆشیاری خۆیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی زیاتریان هەبێت دەربارەی مافی خەڵک وە پابەندبونیان بەبنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندنەوە.

## تەوەری دوەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:

## باسی یەکەم: ڕیکارەکانی مەیدانی توێژینەوەکە:

### ١-میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوە بریتییەلە "پرۆسەکانی سەرنجدان و وردبونەوەو بەدەستهێنانی زانیاری و کۆکردنەوەی ئەو زانیاریە بەدەستهاتوانەی و پۆلینکردنی زانیاریە کۆکراوەکان، دواتر شیکردنەوەی زانیاریە پۆلینکراوەکان". (شوانی، ٢٠١٥،ل٢٠٧). میتۆدی وەسفی لەم توێژینەوە بەکارهاتوە بۆ زانینی ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەوان بە بەئێتیکی ڕاگەیاندن، لەڕێگای فۆرمی ڕاپرسیەوە، هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە بۆ گەیشتنە بەئەنجامێکی ورد و ڕاست لەکۆتای توێژینەوەکە.

### ٢-کەرەستەی توێژینەوە:

لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە چەند ڕێگاو شێوازی زانستی بەکارهاتوە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم: فۆرمی ڕاپرسی:** ***(Questionnaire).*** فۆرمی ڕاپرسی (الاستبیان) پێکدێ لە کۆمەڵێک پرسیار ئاراستەی سامپڵی توێژینەوەکە دەکرێ. دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، پاش وردبینیکردنی لەلایەن پسپۆڕانەوە. خستنەڕوی پرسیارەکان بەشێوەیەکی ئاسان و ڕون دەخریتەڕو، بۆ وەرگرتنی ڕای کۆمەڵێک خەڵک کە دیاری کراون، بەشێوەیەکی زانستی. (محمد عبدالحمید، ٢٠٠٠، ص١٥٧). لەو توێژینەوەش ٤٥٠فۆرم ڕیکخراوە و بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا دابەشکراوە.

**سێیەم: کۆڕو سیمینار:** بەشداریکردنی توێژەر لەکۆڕو سیمناری تایبەت بەڕۆژنامەگەری و ئێتیکی ڕاگەیاندن. و سودوەرگرتن لەو موحازەرانەی کە لەبەشی ڕاگەیاندن لەکاتی کۆرسات خوێندراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

### ٣- کۆمەڵگا توێژینەوەکەو هەڵبژاردنی نمونە:

### کۆمەڵگای توێژینەوکە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە خوێنەری ڕۆژنامە کوردییەکان، و نمونەی (سامپڵی) توێژینەوەکەش پێکهاتوە لە: (ڕۆژنامەنوس، فەرمانبەر، کاسب، سیاسی، مامۆستای زانکۆ، خوێندکار/قوتابی). لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستان کە شوێنی توێژینەوەکەیە، ئەو نمونانەن بەشێوەی مەبەستدار وەرگیراون.

## باسی دوەم: خستنەڕو شیکردنەوەی زانیارییە گشتییەکان:

**ناونیشان:** ئەو پارێزگایانەی کەسنوری توێژینەوەکە دەیانگریتەوە وەک: پارێزگای هەولێر، پارێزگای سلیمانی، پاریزگای دهۆک لە هەرێمی کوردستان دەگریتەوە، کە توێژەر مەیدانی و لەڕێگای دەستیەوە فۆرمەکانی دابەشکردوەو پاشان وەرگیراوەتەوە.

**ڕەگەز:** وەک لە خشتە و وێنەی (١) دەرکەوتوە، مێ ١٤٧ فۆرمی وەڵامداوەتەوە ڕێژەکەی دەکاتە، ٣٢،٤% و نێر ٣٠٧ فۆرمی وەڵام داوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە، ٦٧،٦%. کۆی گشتی فۆرمە ٤٥٤ فۆرم وەڵامدراوەتەوە. تەمەن: کەمتر لە بیستساڵ تا ٧٠ سال بەشداربونە لە نمونەی توێژینەوەکە، بەرزترین ڕێژەی بەشداربوان تەمەنیان لەنێوان (٣٠ بۆ ٣٩) ساڵی دابوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە 37,2%ی سەدی.

**ئاستی خوێندن:** کە لەناوەندیەوە دەستی پێکردوە تا ئاستی دکتۆرا، بەرزترین ڕێژەی بەشداریکردن لە نمونەی توێژینەوەکە، هەڵگری بڕوانامە بەکالۆریوسە کە ڕێژەکەی دەکاتە 28,0%ی سەدی.

**پیشەی خوێنەر:** فەرامانبەرانیش زۆرترین بەشداریان هەبوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە 22,7%ی سەدی.

**خوێندنەوەی ڕۆژنامە کوردییەکان:** لەلایەن نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراوەوە، کە ٤٥٠ کەس بونە، زۆرترین خوێنەر کەمتر لە کاتژمێرێک ڕۆژنامە دەخوێننەوە، کە ڕێژەکەی بریتیە لە: 62,7%ی سەدی، ئەوەش ڕێژەیەکی زۆرە. ئاستیکی خراپ نیشان دەدات کە ماوەی خوێندنەوەی ڕۆژنامە کوردییەکان زۆر نییە. بڕوانە خشتە (١).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

خشتەی ژمارە (١).

| | | دوبارە بونەوە | % |
|---|---|---|---|
| ناونیشان | هەولێر | 201 | 44.2% |
| | سلێمانی | 151 | 33.2% |
| | دهۆک | 103 | 22.6% |
| | **کۆی گشتی** | **455** | **100.0%** |
| ڕەگەز | مێ | 147 | 32.4% |
| | نێر | 307 | 67.6% |
| | **کۆی گشتی** | **454** | **100.0%** |
| تەمەن | < 20 | 20 | 4.4% |
| | 20–29 | 144 | 31.7% |
| | 30–39 | 169 | 37.2% |
| | 40–49 | 70 | 15.4% |
| | 50–59 | 44 | 9.7% |
| | 60–70 | 7 | 1.5% |
| | **کۆی گشتی** | **454** | **100.0%** |
| ئاستی خوێندن | کەمتر لە ناوەندی | 25 | 5.5% |
| | ناوەندی | 52 | 11.5% |
| | ئامادەیی | 117 | 25.8% |
| | دیبلۆمی هونەری | 73 | 16.1% |
| | بەکالۆریوس | 127 | 28.0% |
| | دیبلۆمی باڵا | 14 | 3.1% |
| | ماستەر | 36 | 7.9% |
| | دکتۆرا | 10 | 2.2% |
| | **کۆی گشتی** | **454** | **100.0%** |
| پیشەی خوێنەر | ڕۆژنامەوان | 98 | 21.6% |
| | فەرمانبەر | 103 | 22.7% |
| | کاسب | 85 | 18.7% |
| | سیاسی | 56 | 12.3% |
| | مامۆستای زانکۆ | 37 | 8.1% |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

| | | | |
|---|---|---|---|
| | خوێندکار / قوتابی | 75 | 16.5% |
| | **کۆی گشتی** | **454** | **100.0%** |
| **ڕۆژانە بۆ ماوەی چەند کاتژمێر ڕۆژنامە کوردییەکان دەخوێنیتەوە؟** | کەمتر لە کاتژمێرێک | 283 | 62.7% |
| | ١کاتژمێر | 99 | 22.0% |
| | زیاتر لە ١ کاتژمێر | 69 | 15.3% |
| | **کۆی گشتی** | **451** | **224.7%** |

## باسی سییەم: خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتیەکان:

**بڕگەی یەکەم:** (**ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بەبنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان**). کە پێوەرەکان بریتین لە: ١-ڕۆژنامەنوس پابەندە بە پێدانی زانیاری بەبێ زیادەخستنە سەری.
٢-ڕۆژنامەنوس پابەندە بەخستنەڕوی بیروڕای جیاواز. ٣- ڕۆژنامەنوس پابەندنین بەڕاستگۆیی و بابەتییبون. ٤- پشت بەئاستی هۆشیاری خۆی دەبەستێت. ٥-یەکێک لەبنەماکانی ئێتیک، ئاشکراکردنی ڕاستیەکانە. ٦- بنەماکانی ئێتیک کاریگەریان لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی ڕۆژنامەنوسان هەیە. ٧-ڕۆژنامەنوس هەواڵ جیادەکاتەوە لە ڕاوبۆچون. ٨-ڕۆژنامەنوس پشت بەسەرچاوەی جیاواز دەبەستیت. ٩- زانیارییەکان بڵاوناکریتەوە ئەگەر لەگەڵ بنەماکانی ئێتیک یەکنەگریتەوە. ١٠- ڕۆژنامەنوس ئاماژە بەسەرچاوەی زانیاری دەدات. ١١- ڕۆژنامەنوس ڕێز لەژیانی تایبەتی کەسەکان دەگرێت. ١٢- پابەندی پاراستنی نهێنی قوربانییەکان دەبێت. ١٣-ڕۆژنامەنوسی پرۆفیشینال پەیوەندی بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە هەیە). بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

**خشتەژمارە (٢).ئاستی پابەندبون بە بنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن:**

| پرسیارەکان | زۆر هاوڕانیم | | هاوڕانیم | | نازانم | | هاوڕام | | زۆرهاوڕام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبار ەبوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | | | |
| T2.1.1 | 84 | **18.50%** | 239 | **52.64%** | 18 | **3.96%** | 63 | **13.88%** | 50 | **11.01%** | 2.46 | 1.25 | **49.25%** |
| T2.1.2 | 15 | **3.30%** | 59 | **13.00%** | 45 | **9.91%** | 265 | **58.37%** | 70 | **15.42%** | 3.70 | 0.99 | **73.92%** |
| T2.1.3 | 27 | **5.95%** | 67 | **14.76%** | 36 | **7.93%** | 229 | **50.44%** | 95 | **20.93%** | 3.66 | 1.14 | **73.13%** |
| T2.1.4 | 21 | **4.63%** | 50 | **11.01%** | 39 | **8.59%** | 239 | **52.64%** | 105 | **23.13%** | 3.79 | 1.06 | **75.73%** |
| T2.1.5 | 12 | **2.65%** | 17 | **3.75%** | 25 | **5.52%** | 182 | **40.18%** | 217 | **47.90%** | 4.27 | 0.92 | **85.39%** |
| T2.1.6 | 33 | **7.27%** | 103 | **22.69%** | 46 | **10.13%** | 190 | **41.85%** | 82 | **18.06%** | 3.41 | 1.22 | **68.15%** |
| T2.1.7 | 44 | **9.69%** | 188 | **41.41%** | 55 | **12.11%** | 113 | **24.89%** | 54 | **11.89%** | 2.88 | 1.23 | **57.58%** |
| T2.1.8 | 44 | **9.69%** | 192 | **42.29%** | 57 | **12.56%** | 105 | **23.13%** | 56 | **12.33%** | 2.86 | 1.23 | **57.22%** |
| T2.1.9 | 70 | **15.42%** | 241 | **53.08%** | 45 | **9.91%** | 69 | **15.20%** | 29 | **6.39%** | 2.44 | 1.12 | **48.81%** |
| T2.1.10 | 62 | **13.66%** | 208 | **45.81%** | 54 | **11.89%** | 97 | **21.37%** | 33 | **7.27%** | 2.63 | 1.17 | **52.56%** |
| T2.1.11 | 78 | **17.18%** | 223 | **49.12%** | 49 | **10.79%** | 65 | **14.32%** | 39 | **8.59%** | 2.48 | 1.18 | **49.60%** |
| T2.1.12 | 74 | **16.30%** | 209 | **46.04%** | 55 | **12.11%** | 76 | **16.74%** | 40 | **8.81%** | 2.56 | 1.20 | **51.15%** |
| T2.1.13 | 23 | **5.07%** | 26 | **5.73%** | 29 | **6.39%** | 204 | **44.93%** | 172 | **37.89%** | 4.05 | 1.06 | **80.97%** |
| **کۆی گشتی** | | | | | | | | | | | **3.17** | **1.14** | **63.34%** |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

بەرزترین ئاست لەپێوەری ٥ هاتوە کە بریتییە لە: **(یەکێک لە بنەماکانی ئێتیک بریتیە لە ئاشکراکردنی ڕاستیەکان)**. لەوەڵامی زۆر هاوڕانیم دوبارەبونەوەی، ١٢یەو ڕێژەی ٣%ی سەدیە، کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە، لەوەڵامی هاوڕانیم دوبارەبونەوە، ١٧یە بەڕێژەی ٤%ی سەدی، وەڵامی نازانم دوبارەبونەوە، ٢٥و ڕێژەی ٦%یە، لەوەڵامی هاوڕام دوبارەبونەوە، ١٨٢ و ڕێژەی ٤٠%ی سەدە، لەوەڵامی زۆرهاوڕام ٢١٧یە بەڕێژەی ٤٨%ی سەدا، ئەوە بەرزترین ڕێژەی دوبارەیە کە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە، ناوەندی ژمێریاری 4,27 وەرگرتوە، ڕێژەیەکی زۆر بەرزە، لادانی پیوانەیی 0,92، کە زۆرکەمە و نزیکە لە وەڵامەکان نزیکە پێوەری٥، ڕێژەی هاوڕابون 85,39%ی سەدی، وەرگرتوە کە ئەو ڕێژەیە بەرزترین ڕێژەیە لەوەڵامەکانی برگەی١ و جەخت لەسەر پێوستی پەیڕەوکردنی یەکێک لەبنەماکانی ئێتیک دەکاتەوە، کە لە لایەن خوێنەرەی ڕۆژنامە کوردییەکان وەڵامدراوەتەوە، ئەوەش ئاشکراکردنی ڕاستییەکانە لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستانەوە، وەک بنەمایەکی ئێتیکە ڕاگەیاندن ڕۆژنامەنوسان دەبێت پابەندبن پێیەوە.

## برگەی دوەم: ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بەبەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان:

بۆ شیکردنەوەی وەڵامەکانی تایبەت بەم برگەیە، کە بریتییە لە١٠ پێوەر: ١-ڕۆژنامەنوسان کاریگەریان هەیە لەسەر دەرخستن و ئاشکراکردنی گەندەڵی. ٢-ڕۆژنامەنوس ڕۆڵی کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی بنەماکانی دیموکراسی هەیە. ٣-ڕۆژنامەنوس پارێزگاری لە کلتورو دابونەریتی گەلەکەیان دەکەن. ٤-ئاستی هۆشیاری ڕۆژنامەنوس مەرجە بۆ قبوڵکردن لەناو کۆمەڵگا، لەپابەندبونی بە بنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندنەوە. ٥-دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری نەریتی کۆمەڵگایان بەسەردا زاڵە. ٦-دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵیان لەبڵاوکردنەوەی بەهای ئێتیک لەناو کۆمەڵ هەیە.٧- ئەرکێکی ئێتیکیە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕێنمایی و خۆپارێزی لەسەر نەخۆشیە کوشندەکان بڵاوبکاتەوە. ٨-دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامە نابێ ئەو هەواڵانە بڵاوبکەنەوە کە کاریگەری خراپیان لەسەر پەیوەندییەکانی خێزان هەیە. ٩- ڕۆژنامەنوس ڕۆڵی لەسەر ڕونکردنەوەی هۆکارەکانی قەیرانی دارایی هەیە. ١٠-ڕۆژنامەنوس بێلایەن نین لەبڵاوکردنەوەی کێشەکانی خێزانی و کۆمەڵگا. بڕوانە خشتەو وێنەی ژمارە (٣).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

## خشتەو وێنەی ژمارە (٣) ئاستی پابەندبون بەبەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی:

| پرسیارەکان | زۆر هاوڕانیم | | هاوڕانیم | | نازانم | | هاوڕام | | زۆرهاوڕام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | | | |
| T2.2.1 | 17 | 3.74% | 36 | 7.93% | 15 | 3.30% | 241 | 53.08% | 145 | 31.94% | 4.02 | 1.00 | 80.31% |
| T2.2.2 | 16 | 3.52% | 36 | 7.93% | 35 | 7.71% | 289 | 63.66% | 78 | 17.18% | 3.83 | 0.93 | 76.61% |
| T2.2.3 | 30 | 6.61% | 67 | 14.76% | 35 | 7.71% | 246 | 54.19% | 76 | 16.74% | 3.60 | 1.13 | 71.94% |
| T2.2.4 | 15 | 3.30% | 31 | 6.83% | 40 | 8.81% | 238 | 52.42% | 130 | 28.63% | 3.96 | 0.97 | 79.25% |
| T2.2.5 | 15 | 3.30% | 43 | 9.47% | 46 | 10.13% | 247 | 54.41% | 103 | 22.69% | 3.84 | 0.99 | 76.74% |
| T2.2.6 | 35 | 7.71% | 106 | 23.35% | 88 | 19.38% | 170 | 37.44% | 55 | 12.11% | 3.23 | 1.16 | 64.58% |
| T2.2.7 | 10 | 2.20% | 27 | 5.95% | 28 | 6.17% | 208 | 45.81% | 181 | 39.87% | 4.15 | 0.94 | 83.04% |
| T2.2.8 | 14 | 3.08% | 18 | 3.96% | 37 | 8.15% | 176 | 38.77% | 209 | 46.04% | 4.21 | 0.97 | 84.14% |
| T2.2.9 | 21 | 4.63% | 37 | 8.15% | 50 | 11.01% | 237 | 52.20% | 109 | 24.01% | 3.83 | 1.03 | 76.56% |
| T2.2.10 | 17 | 3.74% | 41 | 9.03% | 54 | 11.89% | 222 | 48.90% | 120 | 26.43% | 3.85 | 1.03 | 77.05% |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.85 | 1.01 | 77.02% |

بەرزترین ئاست پێوەری(٨)ە کە نوسراوە: (دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامە نابێ ئەو هەواڵانە بڵاوبکەنەوە کە کاریگەری خراپیان لەسەر پەیوەندیەکانی خێزان هەیە). لە وەڵامی زۆر هاوڕانیم دوبارەبونەوە، ١٤یەو ڕێژەی ٥%سەدیە، لەوەڵامی هاوڕانیم دوبارەبونەوە، ١٨یە و ڕێژەی سەدی ٤%، لەوەڵامی نازانم دوبارەبونەوە، ٣٧و ڕێژەی ٨% سەدیە، لەوەڵامی هاوڕام دوبارەبونەوە ١٧٦و ڕێژەکەی بریتیە لە: ٣٩%ی سەدی، لەوەڵامی زۆرهاوڕام دوبارەبونەوە، ٢٠٩یەو ڕێژەی ٤٦%ی سەدیە، ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە: 4,21 ، نزیکە لە وەڵامی هاوڕابون، لادانی پێوانەیی 0,97 لادانی پێوەنەی کەمە و ئەوە دەردەخات، کە وەڵامەکان لێکنزیکن، ئەوەش ئەنجامێکی باشە، ڕێژەی هاوڕابون دەگاتە: 84,14%ی سەدی ئەو ڕێژەیەش لە برگەی٢ و پێوەری هەشتەم بەرزترین ڕێژەیە، کە زۆرترین کەس لە سامپڵی توێژینەوەکە هەڵیانبژاردوە، واتە ئەوە خواستی خوێنەری کوردە نابێت ئەو هەواڵ و زانیاریان بڵاوبکرێتەوە، کە هاندن و کاریگەریان هەیە لەسەر تێکچونی شیرازەی پەیوەندییەکانی ناو خێزانەکان هۆکاری تێکدانی کۆمەڵگایە، وەک هاندن بۆ خواردنی ماددەی هۆشبەر و بڵاوکردنەوەی ژیانی تایبەتی هاوسەرەکان و وروژاندنی هەستی سێکسی لە هەریمی کوردستان.

## برگەی سێیەم: ململانێی سیاسی و کاریگەری لەسەر پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بە ئێتیکی ڕاگەیاندن.

ئەم برگەیە پێکهاتوە لەو پێوارانە: ١-ململانێی سیاسی کاریگەری هەیە لەسەر پابەندنەبون بەئیتیکی ڕاگەیاندن ٢-دوزۆنی لەهەرێمی کوردستان وایکردوە ڕۆژنامەنوسان بێلایەن نەبن. ٣- ڕۆژنامەنوسان کاریگەریان لەزیادکردنی گرژییە سیاسیەکان هەیە.٤- حزبە سیاسیەکان لەبەردەم جێبەجێکردنی ئێتیکی ڕاگەیاندن ئاستەنگن.٥-



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

لەکاتی ڕەوینەوەی ململانێی سیاسیەکاندا ڕەچاوی ئێتیکی ڕۆژنامەگەری زیاتر دەبی لای ڕۆژنامەنوسان.٦-پرێسی زەرد لەهەرێمی کوردستان ڕۆڵی سلبی دەگێرن.٧-ڕۆژنامەنوسان لە کاتی تەنگەژە سیاسیەکان جیگای متمانەی خەڵکن. ٨- ڕۆژنامەنوس لەکاتی کیشەی سیاسی هێرشی توند دەکەنە سەر ژیانی تایبەتی کەسەکان. ٩- ئێتیکی ڕاگەیاندن لە ڕومالّی هەوالە سیاسیەکاندا، لەویژدانی ڕۆژنامەنوسان زیاتر دەردەکەوێ. بروانە خشتەی ژمارە (٤).

**خشتە ژمارە (٤) ململانێی سیاسی وکاریگەری لەسەر ئاستی پابەند ڕۆژنامەنوسان:**

| پرسیارەکان | زۆر هاوڕانیم | | هاوڕانیم | | نازانم | | هاوڕام | | زۆرهاوڕام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | | | |
| T2.3.1 | 7 | **1.54%** | 11 | **2.42%** | 20 | **4.41%** | 229 | **50.44%** | 187 | **41.19%** | **4.27** | **0.79** | **85.46%** |
| T2.3.2 | 5 | **1.10%** | 22 | **4.85%** | 26 | **5.73%** | 221 | **48.68%** | 180 | **39.65%** | **4.21** | **0.84** | **84.19%** |
| T2.3.3 | 15 | **3.30%** | 28 | **6.17%** | 35 | **7.71%** | 228 | **50.22%** | 148 | **32.60%** | **4.03** | **0.97** | **80.53%** |
| T2.3.4 | 9 | **1.98%** | 26 | **5.73%** | 43 | **9.47%** | 202 | **44.49%** | 174 | **38.33%** | **4.11** | **0.94** | **82.29%** |
| T2.3.5 | 9 | **1.98%** | 37 | **8.15%** | 72 | **15.86%** | 246 | **54.19%** | 90 | **19.82%** | **3.82** | **0.91** | **76.34%** |
| T2.3.6 | 10 | **2.20%** | 31 | **6.83%** | 77 | **16.96%** | 243 | **53.52%** | 93 | **20.48%** | **3.83** | **0.91** | **76.65%** |
| T2.3.7 | 77 | **16.96 %** | 194 | **42.73%** | 59 | **13.00%** | 90 | **19.82%** | 34 | **7.49%** | **2.58** | **1.20** | **51.63%** |
| T2.3.8 | 22 | **4.85%** | 62 | **13.66%** | 52 | **11.45%** | 204 | **44.93%** | 114 | **25.11%** | **3.72** | **1.13** | **74.36%** |
| T2.3.9 | 64 | **14.10 %** | 170 | **37.44%** | 68 | **14.98%** | 117 | **25.77%** | 35 | **7.71%** | **2.76** | **1.20** | **55.11%** |
| **کۆی گشتی** | | | | | | | | | | | **3.70** | **0.99** | **74.06%** |

لە تەوەری دوەم و برگەی ٣ نۆ پێوەری لەخۆگرتوە، توێژەر لەسەر ئەو ئەنجامەی لە خشتە ژمارە (٤) هاتوە، تەنها بەرزترین ئاست لە برگەکان شیدەکاتەوە: لە پێوەری١ هاتوە: (ململانێی سیاسی کاریگەری لەسەر ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە هەیە). لەوەڵامی زۆر هاوڕانیم دوبارەبونەوە، ٧و ڕێژەی ٢%ی سەدیە، لەوەڵامی هاوڕانیم دوبارەبونەو، ١١یە، ڕێژەی سەدی، ٢%ی سەدیە، لەوەڵامی نازانم دوبارەبونەوە، ٢٠و ڕێژەکەی ٤%ی سەدیە، لەوەڵامی هاوڕام دوبارەبونەوە، ٢٢٩یەو ڕێژەی ٥٠%ی سەدیە، لەوەڵامی زۆرهاوڕام دوبارەبونەوە، ١٨٧و ڕێژەی سەدی، ٤١%ی سەدیە، ناوەندی ژمێریاری بریتیەلە: 4,27 ، ئەنجامێکی زۆرباشە، نزیکە لە وەڵامی هاوڕابون، لادانی پیوانەیی، 0,79 ، لادانی زۆر کەمەو وەڵامەکان زۆر نزیکن لەیەکەوە، ڕێژەی هاوڕابون دەگاتە: 85,64%ی سەدی ئەوەش بەرزترین ڕێژەی سەدیە لە برگەی سێیەم لە سەر پێوەری١ هاتوە، کە باس لە ململانێی سیاسی دەکات، کە کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە کاتێک حزبە سیاسەکان بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، یان کێشەیەکی ناوچەیی دروست دەبێت، ڕاستەوخۆ ڕۆژنامەنوسەکانی سەر بەحزبەکان هێرش دەکەنە سەر سەرکردەو کەسایەتیەکان، لە هەرێمی کوردستان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

## بڕگەی چوارەم: ئاستی پابەندبوونی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەبنەماکانی ئیتیکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان:

پێوەرەکان بریتین لە: ١- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەسەر لایەنە سیاسییەکاندا دابەشبونە.٢-دەستەی بەرێوەبردنی ڕۆژنامە ڕەچاوی ئێتیکی ڕاگەیاندن لە بەرهەمهێنانی ڕیکلام دەکەن.٣-بنەمای سەرەکی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دامەزراوەی ئەکادیمین.٤- دامەزراوەکان لەڕوی داراییی و ئابورییەوە سەربەخۆن.٥-هەبونی بەڵێننامەی شەرف پیویستیەکی ئێتیەکیە.٦-ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ پیویستە دروست بێت.٧- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای ئێتیکی دامەزراون.٨-دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەڵبژاردنەکان بێلایەنن.٩-دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەهەریمی کوردستان پابەندی ئێتیکی ڕاگەیاندن. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

**خشتەی ژمار(٥).ئاستی پابەند بونی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە:**

| ڕێژەی هاوڕابوون | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێریاری | زۆرهاوڕام | | هاوڕام | | نازانم | | هاوڕانیم | | زۆر هاوڕانیم | | پرسیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | |
| 84.23% | 0.76 | 4.21 | 35.46% | 161 | 55.51% | 252 | 4.85% | 22 | 3.08% | 14 | 1.10% | 5 | T2.4.1 |
| 55.86% | 1.19 | 2.79 | 8.15% | 37 | 26.65% | 121 | 12.78% | 58 | 41.19% | 187 | 11.23% | 51 | T2.4.2 |
| 46.21% | 1.09 | 2.31 | 5.07% | 23 | 12.56% | 57 | 11.89% | 54 | 49.34% | 224 | 21.15% | 96 | T2.4.3 |
| 42.51% | 1.08 | 2.13 | 5.51% | 25 | 7.71% | 35 | 9.47% | 43 | 48.46% | 220 | 28.85% | 131 | T2.4.4 |
| 77.36% | 1.06 | 3.87 | 30.40% | 138 | 42.29% | 192 | 14.54% | 66 | 9.25% | 42 | 3.52% | 16 | T2.4.5 |
| 80.22% | 1.05 | 4.01 | 36.78% | 167 | 43.17% | 196 | 7.93% | 36 | 8.59% | 39 | 3.52% | 16 | T2.4.6 |
| 44.98% | 1.10 | 2.25 | 5.73% | 26 | 9.47% | 43 | 13.44% | 61 | 46.70% | 212 | 24.67% | 112 | T2.4.7 |
| 40.18% | 1.03 | 2.01 | 3.08% | 14 | 8.81% | 40 | 8.37% | 38 | 45.37% | 206 | 34.36% | 156 | T2.4.8 |
| 43.04% | 1.07 | 2.15 | 4.85% | 22 | 7.93% | 36 | 13.00% | 59 | 46.04% | 209 | 28.19% | 128 | T2.4.9 |
| 57.18% | 1.05 | 2.86 | | | | | | | | | | | كۆی گشتی |

بڕگەی٤ی لە پێوەری١ هاتوە: (دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەسەر لایەنە سیاسیەکان دابەشبونە، ئەمەش بۆتە هۆکار بۆ پابەندنەبون بە بنەماکانی ئێتیکی کاری ڕۆژنامەگەری): وەک بەدەستهێنانی بەرزترین ئاست، توێژەر شیکردنەوەی بۆ دەکات. لەوەڵامی زۆرهاوڕانیم دوبارەبونەوە، ٥و ڕێژەکەی ١%ی سەدیە، کە کەمترین ڕێژەی بەدەستهێناوە، لەوەڵامی هاوڕانیم دوبارەبونەو، ١٤یەو ڕێژەکەی ٣%ی سەدیە، لەوەڵامی نازانم دوبارەبونەوە، ٢٢و، ڕێژەی ٥%ی سەدیە، لەوەڵامی هاوڕام دوبارەبونەوە، ٢٥٢و بەڕێژەی ٥٦% لە سەدا، ئەو ڕێژەیە بەرزترین ڕێژەی پێوەری١ی، بڕگەی چوارە، کەدەنگی هاوڕابونی هێناوە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە، لەوەڵامی زۆرهاوڕام دوبارەبونەوە، ١٦١و ڕێژەی ٣٥%ی بەدەستهێناوە، ناوەندی ژمێریاری 4,21 ئەو ناوەندی ژمێریاری نزیکە لە هاوڕابون، لادانی پێوانەیی بریتیەلە: 0,76 لادانی زۆر کەمەو وەڵامەکان لەیەکەوە نزیکن، ڕێژەی هاوڕابون دەگاتە: 84,23%ی سەدیە، بەرزترین ڕێژەی لەسەر ئاستی بڕگەی٤ بەدەستهێناوە، ئەو وەڵامە ئەوە دەردەخات کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

سەربەخۆنین و ئەوەش هۆکارە بۆ پابەندنەبون بەئێتیکی کاری ڕۆژنامەگەری، پابەندنەبون بە ئیتیکی ڕاگەیاندن کاریگەری دروست دەکات لەسەر لەدەستدانی متمانەی خوێنەر بەڕۆژنامە کوردییەکان لە هەریمی کوردستان.

## باسی چوارەم: دەرئەنجامی فۆرمەکانی ڕاپرسی:

لەبەرئەوەی توێژەر لەسەر دابەشکردنی فۆرمەکان بەسەر سامپڵی توێژینەوەکە و وەرگرتنەوەیان، ئامادەیی مەیدانی هەبوە، تەنها فۆرمێک جێگای خۆی نەگرتوە، لەکۆی ٤٥٥ فۆرم وەڵامی ٤٥٤فۆرم دراوەتەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

### یەکەم: زانیاری گشتی:

**١-** بەهۆی بەشداریکردنی زیاتری نێر، و خوێنەر لە سامپڵی توێژینەوەکە، ڕێژەی زیاتر بەشداریان کردوە لەپڕکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسیەکە لەچاو ڕەگەزی مێ، ئەوەش هەروەکو هاتوە، نێر ڕێژەی ٦٧%ی وەرگرتوە، (مێ)ش ڕێژەی ٣٢%، ئەو بەشداریکردنە بۆ مێ ئاستەکەی نزمە و پێویستە مێ بەشداری تەواویان هەبێت لەسەر کۆی پرۆسەکان بەتایبەتی بابەتێک کەپەیوەندی بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە هەیە.

٢- تەمەن: ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ٣٠ساڵ بۆ ٣٩ساڵە، زۆرترین بەشداریان هەبوە، وەکو خوێنەری ڕۆژنامە کوردییەکان، کە ڕێژەکەی دەگاتە: ٣٧,٢%ی سەدی، ئەوش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو تەمەنە، خاوەن تەمەنێکی کامڵن کە حەز بەخوێندنەوەی ڕۆژنامە دەکەن، و بەشداریانکردوە لە پڕکردنەوەی ئەو فۆرمە.

٣- ئاستی خوێندن کە کاریگەری هەیە، لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری، لە وەڵامی ئەم فۆرمی ڕاپرسیە، ئەوانەی ڕۆژنامە دەخوێننەوەو بەشداریان کردوە، ئاستی دەرچوانی بەکالۆریوس، زۆرترین بەشداریان هەبوە، کە بریتیە لە: ٢٨,٢%ی لەسەدا، ئەوە ئەنجامەش ڕێژەیەکی باشە.

٤- ئەو سامپڵانەی خوێنەر، کە بەشێوەی مەبەستدار وەرگیراون وەک: (ڕۆژنامەنوس، فەرمانبەر، کاسب، سیاسی، مامۆستای زانکۆ، خوێندکار/قوتابی)، لەنێویاندا بەرزترین ڕێژە لەبەشداریکردن فەرمانبەران کە دەگاتە ڕێژەی ٢٢,٧%ی سەدی، ئەو ڕێژەیەش ئاستێکی باشە لەچاو ڕێژەی بەشداری کردنی سامپڵەکانی دیکەی ناو توێژینەوەکە.

٥- لەوەڵامی ڕۆژانە چەند کاتژمێر ڕۆژنامە کوردییەکان دەخوێنیەوە: زۆرترین ڕێژە بەر وەڵامی (کەمتر لەکاتژمێرێک) ڕۆژنامە دەخوێنمەوە کەوتوە، کە بریتیە لە: ڕێژەی ٦٢,٧%. ئەو ڕێژەیە زۆرە، لەئەنجام دەرکەوتوە، ئەوانەی ڕۆژنامەش دەخوێننەوە، لەماوەی کەمتر لەکاتژمێرێک، بەخێرای دەخوێننەوە.

٦- لەوەڵامی کام بابەت لەڕۆژنامە کوردییەکان دەخوێنیتەوە؟ لەوەڵامدا هاتوە زۆرترین خوێنەر، خوێنەری بابەتە سیاسیەکانن، بەڕێژەی ٤٥%سەدایە، ئەو ڕێژەیش ئاستێکی بەرزی هەیە، ئەوەش لەئەنجامی ئەوەیە زۆربەی ڕۆژنامەکانی کورد، لەلایەن لایەنە سیاسیەکانەو دەردەچن، بەهۆی زۆرترین چالاکی سیاسی لەهەرێم کوردستانەوەیە. خوێنەری بابەتە سیاسیەکان بەرامبەر بابەتەکانی دیکە زیاترە، هەروەها بابەتە کۆمەڵایەتییەکان،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

ڕێژەی ٣٣%ی وەرگرتوە، لەدوای ئەو بابەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی وپەروردەو کلتورو وەرزش و ژینگەو کات بەسەربردن دێت.

**دووەم: زانیاری تایبەت:**

١- ئاستی پابەندبونی ڕۆژنامەنوسان بەبنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان، کە١٣ پێوەری لەخۆی گرتوە، بەگشتی ناوەندی پیوانەیی 1,14یە، لادانی زۆرە، ناوەندی ژمێریاری3,17% نزیکە لەنازانم. ڕێژەی هاوڕابون، 63,34%ی ئەو ڕێژەیەش بۆ پابەندبون ڕۆژنامەنوسان بەئێتیکی ڕاگەیاندن زۆر نییە، واتە ئاستی پابەندبون بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە لاوازە لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە.

٢- ئاستی پابەندبون بەبەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیەوە، کە خاڵێکی گرنگی توێژینەوەکەیە، وەڵامی خوێنەری ڕۆژنامە کوردییەکان بۆ ئەم ئاستە، باشە، بریتیبوە لە ناوەندی ژمێریاری 3,85، بو، کەنزیکە لەهاوڕابون، لادانی پێوانەیی تاڕادەیەک وەڵامەکان لەیەکەوە نزیکن، هەیە، وەک هاتوە: 1,01بوە، ڕێژەی هاوڕابون 77,02%ی پێکهیناوە، لەکۆی ١٠ پێوەر لەچوارچێوەی ئاستی پابەندبون بەبەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیەوە.

٣- ئەو کاریگەریانەی کە لەهەرێمی کوردستان لەسەر ڕۆژنامەنوسان هەیە بۆ پابەندنەبون بەئێتیکی ڕاگەیاندن ململانێی سیاسیە، ئەو پێوەرانەی کە لەفۆرمەکە هاتبون و لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە وەڵامدراونەتەوە، کاریگەریەکان زۆرە و ناوەندی ژمێریاری3,79، نزیکە لە هاوڕابون و لە لادانی پێوانەیی 0,99، وەڵامەکان زۆر لێکنزیکن، کەئەمەش ئەنجامی ئەوەیە ڕێژەی هاوڕابون لەسەر ئەو خاڵە ڕێژەیەکی هاودەنگی خوێنەری لەسەرە، کە یەکێک لەخاڵە نەگەتیفەکان بۆ پابەندنەبونی ڕۆژنامەنوسان بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە، ململانێی سیاسیە لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش کاریگەری لەسەر لەدەستدانی متمانە هەیە لای خوێنەر، بەرامبەر بەڕۆژنامە کوردییەکان.

٤- ئاستی پابەندبونی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە ئێتیکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە تەوەرە گرنگەکانی توێژینەوەکە، بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتوە، کە ئاستی پابەندبونی دامەزراوەکان لەئاستێکی زۆر خراپدان بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە، ئەو تەوەرە نۆ پێوەری لەخۆگرتبو، ناوەندی ژمێریاری ,2,86 ئەو ئەنجامە نزیکە لەوەڵامی نازانم، و لادانی پێوانەیە هەیە، و ڕێژەی هاوڕابون، 57,18% سەدیە، ئەو ڕێژەیەش لە ئاستێکی زۆر نزمە، ئەوەش هۆکارە بۆ لەدەستدانی متمانەی ڕۆژنامەکانی کوردی لەلایەن خوێنەرەوە لە هەرێمی کوردستان.

٥- لەوڵامی پرسیاری ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی متمانەی خوێنەر بەڕۆژنامە کوردییەکان لە ئاستێکی لاوازە، ئەوەش بە هۆی پابەندنەبونی ڕۆژنامەنوسان بەئێتیکی ڕاگەیاندن و گوێنەدان بە داوکاری و داخوازییەکانی خوێنەر. بە هۆی کاریگەری خراپی ململانێی سیاسی، لەهەرێمی کوردستان لەسەر پابەندنەبونی ڕۆژنامەنوسان بەئێتیکی ڕاگەیاندن لەدروستبونی هەر گرژیەک لەنێوان حزبەکان، لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ڕەنگدەداتەوە بەهۆی سەربەخۆنەبونی ڕۆژنامەکانەوە. هەروەها ناهۆشیاری و تێنەگەیشتنی ڕۆژنامەنوسانی کورد لە بنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن ئەو هۆکارانەش متمانە خوێنەر بەڕۆژنامەکان کەم دەکاتەوەو تیراژی ڕۆژنامەکان دادەبەزێنێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29

# The Level of Compliance of Journalists with the Media Ethics; Readers' Trust in the Kurdish Newspapers, as an Example

**Shakhawan Mohammed Sulaiman**
Media Department, College of Art, Salahaddin Universtiy, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Shakhawan.awmar@gmail.com

**Magdid Khidr Ahmad**
Media Department, College of Art, Salahaddin Universtiy, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** magded.sapan@su.edu.krd

**Abstract:**

The research, as it is implied in the research title, aims at investigating the compliance of journalists with the media ethics and the readers' trust in the Kurdish newspapers. Determining the level of readers' trust in the Kurdish newspapers is an incentive for journalists to adhere to truthfulness and the principles of media ethics. Determining the level of compliance of media corporations with the principles of media ethics urges journalists to abide by the media ethics and the treaties of ethics. The purpose of the research is to understand the level of compliance of journalists with the principles of media ethics, the level of compliance of the media corporations with the media ethics, and the effects of the political conflicts on the noncompliance of journalists with the media ethics. The research problem is the mistrust of readers in the Kurdish newspapers in Kurdistan Region. The researcher has utilized the descriptive survey methodology where survey forms are distributed in which two types of information was collected: the general information which includes gender, age, location, occupation, education; and the private information which the researcher has mentioned above. There were 450 forms distributed among an intended audience which included journalists, public workers, self-employed, university professors, and students in all the three provinces of Erbil, Suleimani, and Duhok. The research outcome demonstrates that the readers' trust in the Kurdish newspapers has declined due to noncompliance with the media ethics which include impartiality, truthfulness, objectivity, and discretion and that is due to journalists ignoring the principles of media ethics.

**Keywords:** Journalist, Media Ethics, Media, Trust, Reader.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29**

## سەرچاوەكان:

ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز، (٢٠٠١): ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری كوردی، چ ئۆفیسی ڕون، سلێمانی.

ئەیڤەس، شوان ئادەم، (٢٠٢٠): ئێتیک لە ڕۆژنامەوانیی كوردییدا، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپ ە بڵاوكردنەوە، سلێمانی.

محەمەد، د.كارزان، (٢٠١٩): هەڵسەنگاندنی ئێتیكی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی كوردستان، چاپخانەی سنە، سلێمانی.

مستەفا، دكتۆر كەمال سەعدی، (٢٠٠٦): چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە كوردستانی عیراقدا. دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.

سەپان، د. مەغدید سەپان، (٢٠١٢): ئەوانەی ڕۆژنامەنوس پێویستە بیانزانێ، بەرگی دوەم، (چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كركوك).

سەپان، دكتورسەپان، (٢٠١٠): بنكەماكانی ئێتیک و ئێتیک لە ڕاگەیاندنی كوردیدا، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٥.

سەعدی، دكتور كەمال، (٢٠٠٤)، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە، دەزگای (O.P.L.C ) بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاسایەكان، ژمارە (٩) هەولێر.

سەندیكای ڕۆژنامەنوسان، (٢٠١٩): بەیاساكردنی میدیا لە كوردستان، لە بڵاوكراوەكانی لقی سلیمانی سەندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان.

سلێمان، كامیل عومەر، (٢٠١٣)، مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنوسان، نامەی ماستەر، پێشكەش بە ئەنجومەنی سكوڵی زانستە مرۆڤایەتیەكانی زانكۆی سلێمانی كراوە.

عمر، هاوژین عمر، ٢٠١٢ ئێتیكی كاری ڕۆژنامەوانی، چاپخانەی موكریانی، چ١، هەولێر.

رسول، د.هێرش، (٢٠١٣)، ئێتیک ویاسا لە میدیای كوردیدا، چاپخانەی سەردەم، چ١، سلێمانی.

شوانی، د.محمد، (٢٠١١): ئاكارەكانی توێژینەوەی مرۆڤناسی، توێژینەوەی بڵاونەكراوە، زانكۆی صەلاحەدین، هەولێر.

كوێستانی،بەناز، (٢٠٠٥): پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنوسان و دەستەڵاداران، گۆڤاری ڕۆژنامەنوس، سەندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان دەری دەكات، ژ.٤، هەولێر.

ئەحمەد، نەوزاد عەلی (٢٠٠٧): گۆڤاریڕۆژنامەنوس، سەندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان دەری دەكات، ژ١٠، هەولێر.

سەپان، مەغدید سەپان، (٢٠٠٩/١٠/١٢): ڕۆژنامەی خەبات، ئێتیک لە ڕۆژنامەی كوردیدا، ، تەوەر، ئیبراهیم سەمین، ژمارە ٣٢٩٧، هەولێر.

ڕوف، ڕەزا تۆفیق ڕوف، (٢٠٠٩/١٠/١٩): ڕۆژنامەی خەبات، ئێتیک لە ڕۆژنامەی كوردیدا، ئامادەكردنی تەوەر، ئیبراهیم سەمین، ژمارە ٣٣٠٣، هەولێر.

جاب الله، هدى محمد عبدالحمن، (٢٠١٢): فلسفه الاخلاق عند دیریک بارفت، بحث مقدم نیل درجه دكتوراه فی الاداب قسم فلسفه، جامعه الفیوم.

مكاوی، دكتور حسن عماد، (٢٠٠٦): أخلاقیات العمل الإعلامی، دراسة مقارنة، ط٤،دارالمصریة اللبانیة.

مزید، د. رحیم، أخلاقیات الإعلام الجدید، مطبعة محافظة دهۆک، ط١، ٢٠١٣.

معمر، جلول خده، (٢٠١١): الدراسات الفلسفیه الاخلاقیه فی الفكر المغاربی المعاصر، مذكره مقدمة لنیل شهادة الماجستیر فی الفلسفة، (جزائر، جامعة وهران، كلیة العلوم الآجتماعیة، قسم الفلسفه).

Livia Iacovino, (2002) , Ethical Princles and Information Professionals: Theory, Practice and Education.

Patrick Lee Plaisance, (2014) , Media Ethics Key principles for Responsible Practice, Colordo State University, SAGF Publication Inc, Second-edition.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper29